# نامرن ئەوانەی کە خزمەتیان بە کوردو کوردستان کردووە

ئەحمەد دەشتی

ئەگەر ئاورێك لە ڕابوردووی پڕ لە شانازی گەلی کورد بدەینەوە دەبینین گەلێ کەسایەتی مەزن و هۆزانوان و نوسەران و دلسۆزان و کەسایەتیەکانی کورد هاتۆنەتە مەیدانەوەو بۆ هەتا هەتایە وەك ئەستێرەکانی ئاسمانی بلندی کوردەواری دەدرەوشێنەوە و بە گیانی پاك و هەستی بەرزی نەتەوایەتیان خزمەتیان بە گەل و نیشتمانی خۆیان کردووەو ئەوەی کە لە توانایان دابوو‌بێت زۆر دلسۆزانە بۆ گەل و نیشتمانی خۆیان خەباتیان کردووەو خامە ڕەنگینەکانیان بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمانیان بە کار بردووەو تا توانیویانە بۆ ژیانێکی ئازادو ڕەهاو سەربەخۆیی گەل و خاکیان نوسیوەو خەباتیان کردووە ،ئەو کەسایەتیە مەزنانە هەر لە ڕۆژگارانی زوو دا داوای خەبات و ڕاپەڕین و هەول دانیان لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردو کوردستان دا کردووەو زۆر ماموستایانەو ژیرانە بە هەستە پیرۆزەکانیان گەلی کوردیان وریا کردۆتەوەو بۆ چارەسەری و هەتوانی زامە قولەکانی گەلی کورد هەمیشە بە پەیڤ و هۆنراوەو نوسینە پڕ لە نرخەکانیان گەلی کوردیان هوشیار کردۆتەوە و داوای تێکۆشانیان لە پێناوی زانین و زانست و هوشیاری ڕۆلەکانی گەلی کورد بۆ سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای کوردو وەدی هێنانی وەلاتێکی کوردەواری و ڕزگاری لە چنگ داگیرکەرانی کوردستانیان بەهەستێکی پاك و زۆر دروست کردووەو هۆکارەکانی نەگەیشتن بە ڕزگاری و سەربەخۆیی گەلی کوردستانیان باس لێوە کردووەو کەم و کوڕیەکانیان دەست نیشان کردووەو داوای گیانی پاکی یەکگرتن و خۆشەویستی کوردستانیان کردووە و بە داخێکی زۆرەوە دواکەوتوویی گەلی کوردیان باس کردووەو پڕ بە دەم هاواریان کردووە و فەرمویانە بەسە هەتاکەی ژێر دەستەی داگیرکەرانی دڕندە بین و با ئێمەش بە گیانی یەکگرتن خاك و گەلی خۆمان ڕزگار بکەین و قەوارەیەکی میللی بۆ گەلی کورد وەدی بێنین و داوای ڕاپەڕین و بەرەنگاری دوژمنانی کوردو کوردستانیان کردووە .

هاواری یەکێ لەو کەسایەتیە مەزنانە و هۆزانوانە و نیشتمان پەروەرە و زانایانەی کورد نەمر (مەلا خدری دەشتی)کە لە بناری چیای قەرەچوغ لە گوندی مەلا کاغە دیتە دونیاوەو لە گوندی دارەبەن نەزیك شاری دێرین هەولێر ماوەی هەڤدە سالان خەریکی تەدریس و زانیاری دەبێت و لە و گوندە دا دەگیرسێتەوەوخزمەت بە گەلی کورد دەکاتن ،کە چاوی بە چەوساوەیی و ژێر دەستی گەلی کورددەکەوێت و دەبێنێ کە کوردستان ژێر دەستەی داگیرکەرانەو ئەوسا خامە ڕەنگینەکەی خۆی بە کار دەبات و بۆ گەلە کەی خۆی دونوسێ و ئەو هەموو زولم و زۆرداریانەی کە هەستی پێ دەکاتن باس لێوە دەکات ،دیوانە بە نرخەکەی پڕە لە هۆزانی نیشتماپەروزەری وبە زمانی شیرینی خۆی دەردی دلی کورد باس لێوەدەکاتن، کە لە ڕۆژگارو سەردەمی خۆی دا ئاخ و حەسرەت و خەم بۆ گەل و نیشتمانەکەی خۆی دەچێژێت و ئەو هەموو زولم و زۆرداریەی لە ڕۆژگارانی خۆی دا بە تەواوی هەست پێ دەکات و زۆر بە وردە کاریەوە لە شیعرەکانی باسی لێوە دەکات و دەردی دلی خۆی دەر دەبڕێت ، بۆیەکە دەبینین لەم شیعرەی دا چەند کوردانە و خاکپەروەرانە ڕوو لە گەلی کورد دەکات و دەفەرموێت و دەلێت:

**تاجی ئیستقلال** **دەشتی**

ئەی عێراقی بێکەس و دل پڕلە ئێش و دەردو خـــەم
وەی ئەسیری حەربی نارێکی لە مەیـدانی بـەتـــــەم
حەیفە پاشی تۆ بمێنن کوردەکانی بێ حەشــــەم
چوولەدەستیان مەعدەنی عیززوشەڕەف بەینەلکـەڕەم

ئـەی گـەلی ئەشــرافی کوردان بۆ غـەریقی زبللـەتـن
بۆچی وا دائیم خەریکی قـووتی مـولك و میللـەتـن
بـۆچی وا دەعیــە و تەکەببور لێ ئەدەن پڕحیددەتن
چاکە شـەرمێکەن لەعالەم سـەربەخۆ کـاکن لـــەدەم

مەرکەزی خاکی سلێمانی خیانەت تێکی دا
خۆبەخۆ هەرچی کەهات و قووەت و قەولێکی دا
تاجی ئیستقلال بێ سەر چووچ نەفعێکی نەدا
چەقچە لولە و بابەڕۆ پشتم شکا ڕۆژی نەدەم

کوا ڕەئیسی جاف و هەم کوا میرەکانی پشت گەلی
ئیجتماعی میروسوو کوانی لەگەل میرمەحمەلی
کوا هەماوەند و شکاك و بۆتەکانی گەنجەلی
چەند کەسی تر هەن کەئەمڕۆ نانی دەریۆزەی لەدەم

هەرکەسێ هات و بەدیعی سەنعەتی بوو ناویدا
خاکی ئێوەی کردە پاپۆڕ و لە بەحرا ناویدا
مەکتەبی لاسلکی دانا نەفعی بێ ئەندازیدا
تابەکەی ئێوەش لەجەهلا دائەدوورن پووشی سەم

بابەگوڕگوڕ تاوەکوو ئێستاکە پیری ئێوە بوو
خانەقاو و تەکیەو و ڕێبازی شیخی ئێوە بوو
جێگەبی مەولوود و سەد ئیحسان و خێری ئێوە بوو
ئێستاش واپێ خەنی بوون عارەب وتورك و عەجەم

چاکە فکرێکەن لە ئیستقبالی خۆ زوو چارەکەن
تەرکی وەحشەتکەن سیلاحی یەکدی کوشتنن پارەکەن
ڕوو لەپەیدا کردنی ئالاتی وەك تەیارەکەن
تاوەکو دەشتی نەبێ مەشغولی قال و قیلی خەم

❋

هەزارن سلاو لە گیانی پاکی هەموو ئەوانەی کە خزمەتیان بە کوردو کوردستان کردووە جا چە بە پەیڤ و یان بە هۆزان و یان بە دەست و بازوویان لە ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردو کوردستان تێکۆشاون.
هەموو ئەوانەی کە لە هەر بوارێکەوە بۆ کوردستانی خۆیان خەباتیان کردووە ئەوانە ئەو گەورە پیاوانەن کە بۆ هەتا هەتایە لە ناو دلی کوردو کوردستان دا زیندوون و نامرن.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت